زنجیرەی تەحریف و ئیدعا
کەشفی شوبەهات - ٥

# ژیرانه نیه!!




# من موتەعەسبم ؟

SANAD

Kr


## دەرەنجامەکانی لایەنگیری

لەو کاتەدا کە ئێمە تەساموح و گوزەشتمان لەدەس دا و لایەنگیری سێبەری خست بە سەرمان، ئایەکو بەڕای ئێوە کەمترین خاڵە باس لێکراوەکانی جەدوەلی ژیر بەدی دێت؟



- ئێمە بە جۆراوجۆر بوونی ئەندیشەکانەوە بە ڕاستەقینە و دەرەنجامگەلی تەواو دهست پەیدا دەکەین.
- بە ئێعدتدال و میانەڕەوی دەست پەیدا دەکەین بە دەرەنجامگەلێکی درووس و ساڵم.
- لە کاتێکدا خۆشەویستی و ئولفەت و لە نێوان چووونی ناکۆکیەکان لە کۆمەڵگاکاندا بەربڵاو دەبێتەوە کە ئێمە ئەوانەی دیکە قبووڵ بکەین.
- کۆمەڵگاکانی زاستی، فکری، و کۆمەڵایەتی بە یەکیەتی ئارا و ئەندیشە دەگاتە گەشەپەیدا کردن و شکۆفایی.
- ئیسلام لەسەر بنەمای حوریەت و ئازادی بەرپا بووە و ئیجبار لە دین و گۆڕینی عەقیدە قبووڵ ناکات و لە دینیشدا هیچ ئیجار و ئیکراهێک نیه.

## تۆ بڕوات نیه؟



قبووڵ کردنی ناکۆکیەکان ئاماژەدەری سەرکەوتن و گەشەپێدان نەفس و ڕەوانی مرۆڤە.

ڕەخنە کردنی گونجا لە سەر ئەندیشەکان بێت نەک خاوەنەکانی ئەخلاقی بەرز و بەنرخ.

جۆراوجۆر بوونی بۆچوونەکان و ئەندیشەکان پەیزەی پێشکەوتن و گەشەگرتنە.

زۆر بوونی بیر و ڕاکان و قبووڵی ئەوانە دەلێکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا



## وتارەکە بە کورتی

چەندە ئێمە پێش لە مەسەلە زانستە ناکۆکی یا رەمەکیەکان، پێویستمان هەیە بە موراعاتی ئادابی توێژینەوە و ئەخلاقیات هەتاکوو لە جێگای هێرش و تەهاجوم، وت و وێژ و قەناعەت درووس بێ و ئەم شێوازەی قورئانیە کە لە سەر ئێمە پێویستە بیپێوین و بە خاڵەکانی ژێرەوە دەس پەیدا بکەین:

- پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبی گونجاو، بۆیە دەبێ ڕێگای ئێمە لەگەڵ موخالیفەکان تێگەیاندنی ئەوان بێت نەک خامۆش کردنیان. بە تەعبیرێکی جوان و پێشکەوتوی قورئانی ورد بوونەوە:: ﴿قُل لَّا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ [25] واتە: « بلّێ [ئێوە] لە ئەوەی کە ئێمە تووشی هاتووین باس و خواس نابن و (ئێمەیش) لە ئەوەی کە ئێوە دەیکەن باس و خواس نابین .» ورد بوونەوە: نەیفەرموو: «لە ئەو شتەی ئێوە تووشی هاتوونە» وە ئەمە نەهایەتی مولاتیفهو نەرمی لە ئەدەبیاتی باس و وت و وێژە.
- وت و وێژی ئێمە لەگەڵ موخالف لە سەر بنەمای ئەوە بێت کە ڕێگای ڕاستەقینە و درووس بۆی هەیە کە لە ڕووانگە و بۆچوونی ئەودا بێ، ئەگەر بڕوامان هەبێت کە بۆچوونەکەی ئەو باتلە و لە مشتوومڕدا بە ئەم مەتیقە بگاین:

﴿وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ [سبا: 24] واتە: «وە لە ڕاستەقینەدا یان ئێمە یان ئێوە لەسەر هیدایەت یا گومڕایی ئاشکراین».ە.





## زنجیرەی تەحریف و ئیدعا

پێغەممەری خودا سڵاوی خودای لەسەر بێ فەرمووی: لە نێوانەی ئەوانەی دوای ئێمەن ئەم زانستە عادڵەکان هەڵی دەگرن و ئەوە لە تەحریف و لاسەری توندڕۆکان و پەیوەندی دانەکانی ئەهلی باتڵ و تەئولی جاهیلەکان دەپارێزن.. [1]

هەندێک لە خاوەنەکانی ئەفکاری لاسەری کەلامی خودای سوبحان بە جۆرێک تێ دەگەیەن کە هاودەنگ لەگەڵ مەنهەجی زانستی بە میرات گەیشتوو لە سەلەفی ساڵەح نیە و هاوجۆر نیە لەگەڵ مەبەستەکان و نرخە گەورەکانی وەحی ئیلاهی.

و ئەوانە هەندێک لەو ئایەتانەی کە لە شەئنی کافرەکان نازڵ بوونە، لەسەر بسوڵمانان حەمڵ دەکەن.

و لە ئەو ئایەتانەی کە بە جۆری تایبەتمەند و هەڵاوێر نازڵ بووە، ئەحکام گشتی دەردەبڕن و مانعاکانی خودا دەکێشنە لاساری بە جۆرێک کە دەرەنجامی دەبێتە تووش هاتن لەگەڵ چەمکە هەڵەکان لە ژیرایەتی و عەقڵی گشتی بسوڵمانان، کە لە ئیسلامدا نیه.

لە نێوانی ئەم زنجیرە بابەتانە لەگەڵ تەحریفی مانعاکانی قورئانی پیرۆز لە لایەنی خاوەنەکانی ئەفکاری مونحەریف وجیابوونەوەی بەربڵاو لە تێگەیشتنی پێغەممەر صلی الله علیه و سلم و ئەسحابە بەنرخەکان و سەلەفی سەڵەح و شەرێعەتی غەرا ئاشنا دەبین.

١. این حدیث مشهور صححه ابن عبدالبر، روی عن احمد بن حبیل انه قال : هو حدیث صحیح.

دار الفقيه للنشر والتوزيع
DAR AL FAQIH
PUBLICATION & DISTRIBUTION

SANAD

www.sanad.network
facebook.com/sanadnetwork
twitter: @sanadnetwork
youtube.com/sanadnetwork
instagram.com/sanadnetwork

Deviance_Isssue_05_Kr_PRINT.indd 1-4
09/11/17 00:47

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين
سيدنا محمد المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه أجمعين


خودا دەفەرمووێ
﴿إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَى وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ [فتح: 26]
واتە: لەو کاتەدا کە کافرەکان لە دڵی خۆیاندا تەعەسوبی جاهلیەتیان درووس کرد، خودای هێمنایەتی خۆی نارد بۆ سەری پێغەمبەرەکەی و ئیمانداران و کەلیمەی تەقوای هاورێیان کرد و (بە ڕاستەقینەدا) ئەوان بە ڕەعایەت کردنی ئەو کەلیمە سەزاوارتر و شایستەترن و خودا لە هەموو شتێک ئاگادارە»
هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَا أُبَرِّىءُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلاَّ مَا رَحِمَ رَبِّيَ إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ [یوسف:53] واتە: « من نەفسی خۆم تەبرەئە ناکەم چونکە نەفسی من بە دڵنیاییەوە دەسوور دەدات بۆ خراپی کردن، مەگەر کەسێک کە خودا ڕەحمی لێ بکات چونکە خودای من زۆر بەخشەندە و مێهرەبانە.»
ڕەوایەتی کردووە کە پێغەممەر فەرمووی: « لە ئێمە نیە ئەو کەسەی کە خەڵکی بانگ بکات بە دوای عەسەبیەت، و لە ئێمە نیە کەسێک کە بۆ تەعەسوب و عەسەبیەت شەڕ بکات، و لە ئێمە نیە کەسێک کە لەسەر عەسەبیەت بمرێ.» (سنن ابي داود)

**تەعەسوب:**
قبووڵ نەکردنی حەق لە کاتی زهووری دەلیل بە هۆی پەیڕەوی لە هەوای نەفس



## تایبەتمەندیەکانی موتەعەسب

بەڕای ئێوە تایبەتمەندیەکانی موتەعەسیب چین؟ ئایەکو مومکینە کە من لە ئێوە ئەزموونێکی خێرا بگرم تا نیشانەکانی ئەوە لە کەسایەتی ئێوە دەرکەوێ؟
لە خەلالی ئەم مەوریدانەوە کەسایەتی خۆت تاقی بکەرەوە و خوت نرخگوزاری بکە و لە بەرامبەر هر ڕستەیەکی درووس عەلامەتی تیک دابنێ:



- من لە کاتی موناقیشە بۆچوونەکانی کەسەکانی دیکە قبووڵ دەکەم.
- بۆچوونی من درووس و بۆچوونەکانی ئەوانەی تر هەڵەیە.
- من ڕەخنە لە ئەندیشە ئەگرم نەک خاوەنی ئەندیشەکە.
- من بەدوای حەقەوە دەگەڕێم بەبێ سەرنجراکێشان لەسەر شوێن و مێژووی ڕابردوو.
- من لەگەڵ ئەوانەی تر، بە شێوازێکی زانستیەوە وت و وێژ دەکەم و بۆم نەتیجەکە گرنگە.
- من ئەرزشەکان و بنەماکان قبووڵ ئەکەم و لە ئەوانە پاڵپشتی ئەکەم
- هەرچەند لەگەڵ من ناکۆک بێت. من بۆ ئەوانی دیکە ئێعتراف ئەکەم و لەوانە ئیراد ناگرم.

بە دڵنیاییەوە ئەم خاڵانە مەسەلەیەکی ئاسان نیە بەڵام ئاماژەدەری ئاستی ئەخلاقیە کە شیاوە هەرکام یەک لە ئێمە هەوڵ بدات تاکوو خۆی بگەیەنێ بە ئەوێ.



### جۆرەکانی لایەنگیری

لایەنگیری ئەشکال و جۆرگەلێکی جۆراوجۆری هەیە کە لەگەڵ یەکترین پەیوەندیان هەیە.بنت.




**پێغەممەر لە یەکێک لە سەحابەی ئەنساری خۆی بیستی کە فەرمووی: ئەی ئەنساری لە کوێن، بێن بە فریاما بگەیەن، و ئینجا یەکێک لە موهاجیرەکان هاواری کێشا: ئەی خێڵی موهاجیرەکان! یارمەتیم بدەن. ئینجا پێغەممەر فەرمووی: "چی بووە کە هاوارێکی جاهیلانە دەکێشن." ئینجا ووتیان: یا رسول الله! یەکێک لە موهاجیرەکان پێلەقەیەکی داوە لە پیاوێک لە ئەنسار. پێغەممەر فەرمووی:**

**" ئەم هاوار کێشاننانە ڕەها بکەن، ئەمانە هاواری جاهیلانەیە."**

(بخاري و مسلم)



## ئایا ئەزانی...؟



هەندێک لە شەڕەکان لەسەر لایەنگیری حیزبی هەڵگرسا؟



شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم لەسەر بنەمای لایەنگیری هەڵگرسا؟



یەکێک لە مەترسیدارترین لایەنگیریەکانی ئایینی غلو و زیادەڕەوری و بڵاو کردنەوەی ئەندیشەی تەکفیری لە کۆمەڵگاکانە بەهۆی لایەنگیری ئایینی.



مەرگی هەندێک لە لایەنگرانی فتبۆڵ لەسەر لایەنگیری تیمەکانەوە ڕوو دەدا؟






Deviance_Isssue_05_Kr_PRINT.indd 5-8
09/11/17 00:47